سەدر داوای پاراستنی سنوور و دەروازەکان لەگەڵ سووریا دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە"سەید موقتەدا سەدر"ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانیی شیعە، لە پۆستێکدا لە پلاتفۆرمی (ئێکس) نوسیویەتی، ئەوەی لە سوریا ڕودەدات، بابەتێک نییە کە بە سادەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و پێویستە لەسەرتان دەستبەجێ سنورەکان و دەروازەکان بپارێزن ئاماژەی بەوەش کرد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستوەردان نەکەن لەوەی لە سووریا ڕوودەدات.

ئەمەی خوارەوە دەقی پۆستەکەیەتی :- ململانێ و پێشبڕکێکانتان لەسەر ئەم دنیا فانییە واز لێ بهێنن و سەرنج بدەنە ئەو مەترسیانەی کە لە دەوروبەرتان دەگوزەرێت، چونکە نە خودا و نە مێژو بەزەییان پێتاندا نایەتەوە. نابێت عێراق فەرامۆش بکرێت، ئەگەرنا ئەوە دەبێتە سەرەتای کۆتایی.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوەی لە سوریا و لە نزیک سنورەکانی عێراق ڕودەدات، بابەتێک نییە کە بشێت بە سادەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو پێویستە بابەتەکە بە هەند وەربگیرێت، چونکە مەترسییەکە گەورەیە و تیرۆر لەلایەن ئیستیکباری جیهانییەوە پاڵپشتی دەکرێت.

موقتەدا سەدر لە پەیامەکەیدا دەشڵێت، "پێویستە لەسەرتان دەستبەجێ سنورەکان و دەروازەکان بپارێزن

و ه□ر ئ□ستا و ب□پ□ل□ ه□زی پشتیوانی بن□رن".

□

□□□ب□ری □□وتی نیشتمانی شیع□ ه□شداری ب□ س□رکرد□کانی ه□ر□می کوردستان د□دات و د□□□ت، "ئام□ژگاری ه□ز□ سیاسیی□کانی باکوری ع□راق د□ک□م ک□ د□ستو□ردانی □استاوخ□ ن□ک□ن، چونک□ ئ□و□ د□ب□ت□ بیانو ب□ ب□اویون□و□ی تیر□ر ل□ خاکی ع□راقدا".